

5 11
2019

مبادئ إدارة الأعمال السياحية


جامعة صلاح الدين – اربيل
كلية الادارة و الاقتصاد
قسم ادارة المنظمات السياحية


المرحلة الأولى

# مانا و چەمکی کارگێڕی

# THE CONCEPT OF MANAGEMENT


جبرائيـــل احمد اسماعيـــل
مدرس


2019

# مانا و چەمکی کارگێڕی

5 11 2019

پسپۆڕەکان و زاناکان چەندەها پێناسە و مانای کارگێڕییان پێش کەش کردووە بە گوێرەی پەرتووکەکان

لە بواری کارگێڕپیدا وەکو ئەم پێناسانەی خوارەوە:

❖ کۆمەڵی زانستەکانی کۆمەلأیەتی پێناسەی کارگێڕی دەکەن:

" کە کردارێکە بە هۆیەوە دەتوانی مەبەستێکی دیاری کراو جێ بەجێ بکرێت و سەرپەرشتی بکرێت.

❖ " Koontz and ODronnell کۆنتزو ۆدرۆناڵ: پێناسەی دەکەن:

جێبەجێ کردنی شتەکانە لە ڕێگەی کەسانی ترەوە.

بەلأم

❖ " Fredrick Taylor فردریك تایلۆر وای پێناسە دەکات:

بە تەواوەتی بزانی کەوا چیت ئەوێ، پاشان جەخت دەکەیەوە لە کەسانێك جێبەجێ بکەن بە باشترین و ئاسانترین ڕێگە بەپێی توانا.

❖ هەروەها پێناسەی Dale Beachدیل بیش بۆ کارگێڕی:

" کە کردارێکی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە ماددەی خاو و توخمی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی دیاریکراو، بە لە خۆگرتنی ڕێکخستن و ئاراستەکردن و هەماهەنگی و هەڵسەنگاندنی کەسەکان بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان.

بەلاَم

❖ "ئەلقەیروتی و زویلف بەم جۆرە پێناسەی کارگێڕی دەکەن:

" کەوا بەکارهێنانی سەرچاوەی گونجاوە بە ڕێگەی ڕێکخستنی هەوڵی کۆمەڵێك و هەماهەنگی کردنیان بە شێوەیەك ئامانجە دیاریکراوەکان بە دەست بێنی بە تەواوی و کاریگەری بە هۆکاری مرۆڤایەتی کەوا بەشداری دەکات لە چاکسازی ژیانی مرۆڤ. جا گەر ئەندامێك بێت لە ڕێکخستنەکە یاخود سوودمەند بێت لە خزمەتگوزاریەکان جا هەر بوارێك بێت کەوا کاری تیادا دەکات.

# مانا و چەمکی کارگێڕی

5 11 2019

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو چەندەها پێناسەی هەیە کەوا بۆ جیاوازی تاقی کردنەوەکانی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوەکان لە کارگێڕیدا دەگەڕێتەوە. ئەم هەموو پێناسانە مانای ئەوە نییە گونجان لە هەندێ خاڵدا لە نێوانیاندا نییە.

❖ لەگەڵ هەمووواندا پێناسەی کارگێڕی ئەکەین کەوا:

" وەزیفەیەکی جێبەجێ کردنی کارەکانە لە رێگەی ئەوانی تر بە بەکارهێنانی پلان و ڕێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێری کردن بۆ ئەوەی ئامانجەکانی رێکخراوەکە بەدەست بێنێ بە توانست و لێهاتویی لەگەڵ رەچاوکردنی کاریگەریەکانی ناوخۆ و دەرەکی لەسەر ژینگەی کارەکە.

# مانا و چەمکی کارگێڕی



**لە نێوان ئەم پێناسەیەدا دەتوانین ئەم توخمانە دیاری بکەین:**

1. کارگێڕی وەزیفەیەکی کردەییە و بەرپرسیارەتی سنوورداری هەیە کە کەسانێك ئەنجامی دەدەن بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی دیاریکراو.
2. کارگێڕی لە وەزیفەکانیان وەك یەکن جا گەر جۆری ئەو جموجووڵییەی کە پێی هەڵئەسێ لە ڕێکخراوێك بێت یا لە دامودەزگاکانی میری بێت یاخود تایبەت بێت.
3. کارگێڕی پێویستی بە کۆمەڵێك کەس هەیە لە لایەن ئەوانەوە کارەکان جێبەجێ دەکرێن.
4. کاری کارگێڕی پێویست دەکات کە وا بە چەندەها فەرمان هەڵسێ وەك پسپۆڕی و فەرمانبەری و ئاراستە کردن و هەماهەنگی و چاودێری و ئامادە کردنی راپۆرت و بودجە.
5. کارگێڕی کار ناکات لە (پانتایی بەتاڵ) بەڵکو هەوڵ ئەدات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی دیار و سنووردار.

# مانا و چەمکی کارگێڕی

## جیاوازی نێوان چەمکی
## (Management) و (Administration)

| پرێنسیپی جیاکاری | Management | Administration |
| --- | --- | --- |
| 1. پێناسە | هونەری بەدەستهێنانی شتێکە بەهۆی تاکەکانەوە ئاراستەکردنی ئەرکەکانە بۆهێنانەدی ئامانجەکان | دارشتنی ئامانجەکان و پلان و سیاسەتە بلاّو فراوانەکانە . |
| 2. سروشتی | ئەرکی جێبەجێ کردن | ئەرکی دروستکردنی بریارەکانە |
| 3. مەودا یان بوار | بریارەکان دادەنی لە چوارچێویەکی دیاریکراو لە لایەن کارگێریە. | بریارە سەرەکیەکان بۆ هەموو رێکخراوەکان |
| 4. ئاستی دەسەلاّتی | چالاکیەکانی لە ئاستێکی مامناوندە | چالاکیەکانی لە ئاستێکی بالآیە. |
| 5. بەکارهێنانی | رێکخراوەکانی کار و کەرتی تایبەت | حکومەت و کەرتی گشتی |
| 6. کاریگەری | کاریگەرە بە بریارەکان و بەهاکان و بیرباورەکان و بریاری بەرێوبەرەکان . | کاریگەرە بە راى گشتی و سیاسەتی حکومەت و داب و نەریت . |
| 7. ئەرکی سەرەکی | هاندان و ئاراستەکردن و کۆنترۆلکردن | پلاندانان و رێکخستن . |

# گرنگی کارگێڕی

کارگێڕی گرنگیەکی زۆری هەیە و دەتوانین ئەم گرنگیە لەم خاڵانەدا دیار بکەین:

1- کارگێڕی هۆکارێکی کۆمەڵگایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی بە هۆی بەجێ هێنانی کرداری پلان و ڕێکخستن و پیشە و ئاراستە و چاودێری.

2- کارگێڕی هۆکارێکی کۆمەڵگایە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی تاکەکانی بە هۆی دیارکردنی گرنگترین پێویستیەکان و بە وەبەرهێنانی سەرچاوەی کە لەبەر دەست دان بۆ ئەو پێویستیانەی گرنگن و لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێداویستی نوێ و دەگمەنی هەندێکیان.

3- زۆربوونی ژمارەی دامودەزگای کارگێڕی و گەورەبونیان بەو پێیەی هۆکارێکە کە واتا کۆمەڵگا دەتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بێنێ لەگەڵ پێویستیەکانی.

4- گرنگی فاکتەری مرۆیی لە سەرکەوتنی ڕێکخراودا ئەوەش فەرمانی سەپاندە سەر بەڕێوەبەرەکان مەشق بە کارمەندان بدەن بۆ ئەوەی زانیاری لێهاتوویی بەدەست بێنن.

5- بوونی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنەلۆژی، کە وای لە کارگێڕی کردووە باری پلانی گران بێت بۆ گۆڕین و بەدواچوونی جێبەجێ کردنی پلانەکە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوەی لە بوارەکانی جیاوازدا پێشکەوتن و گەشەسەندن بەدەست بێنی تاکو لە بازنەی دواکەوتن دەرچێ و بگات بەووڵاتانی پێشکەوتوو.

# ئایا کارگێڕی زانستە یان هونەرە یا پیشەیە؟

# Is management Science or Art and Profession?

7 11 2019

ئەم پرسیارە لەنێوان زۆرەها پرسیاری تر ڕووبەڕوی لێکۆڵەرەوان دەبێتەوە.

لە بواری کارگێریدا. زانایانی کارگێڕی جیاوازیان هەیە بۆ بریادان لەسەر کارگێڕی کەوا زانستە یا هونەرە یا پیشەیە.

بۆ هەر یەکەش پاساوی خۆی هەیە. زۆرینەی زانایانی بواری کارگێری جەخت لەو دەکەونەو کە کارگێری زانستە یان هونەرە ، نەوەك پیشە بەلآم هەندێکی لە زانایان دەلێن کارگێری پیشەیە ، بۆئەمەش سێ ڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەیەو هەندێکیان دەڵێن کارگێری زانستە و هەندێکیان دەڵێن هونەرە ، بۆیە پێویستی بە شارەزای و لێهاتووی زۆری کەسەکانە ( واتا : لایەنی هونەری تاکەکان کە کارگێری ، لێرەدا بەواتای هونەردێت ) و پشت بەستان بە پرێنسیپ و بنەمای راستیە زانستیەکان ( واتا : لێرەدا کارگێری بەمانای زانست دێت)".بۆ زیاتر روونکردنەوی ئەم بابەتە تیشك دەخەینە سەر پێناسەکردنی هەرسێك (زانست و هونەر، پیشە) بۆ ئەوی بۆمان رونبێتەو : زانستی ڕێگای گەیشتن بەراستیەکان بە هۆی پشت بەستن بە (یاساکان-ڕێساکان-بنەماوپرەنسیپەکان). و هونەر بریتیەلە بەکارهێنانی (شارەزایوپیادەکردن،لێهاتوویی،کارامەی،لێزانی،داهێنان،کەسایەتی) بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسەکان و ...هتد ." هۆکاری جیاوازیەکەی ئەویە کەوا کارگێری سەرەتای دروستبوونیەو ئەرکەکانی وستاو لەسەر شارەزایی و لێهاتووی تایبەت و پشتبەستنی زۆرێك لە کەسەکان بە بنەما و راستیەزانستیەکان.

بەلآم هەرچی پیشە بریتیەلە یەکەیەکی بنەرەتی لە هەر رێکخستنێکی کارگێری یدا وە بریتیە لە پلە و پایە و کارێك کە ئەرك و بەرپرسیارەتی دیاری دەکات وە کۆمەلێك بروانامەی بەدەست هێندراوە لە شارەزایی و زاست وەك بروانامەی ئەندازیاری، یاسایی، بیرکاری، کارگێری، ...هتد

# ئايا كارگێڕی زانستە یان هونەرە یا پیشەیە؟

7 11
2019

کەوا کەسێك بەدەستی هێناو بە گوێرەی بواری کارەکە و پسپۆریەکەی، لێرەدا دەردەکەوێت کە کارگێری پیشەیە چونکە کارگێری پشت دەبەستێت بە بنەمای زانستی دواتریش بەدەست هێنانی بروانامە بۆ دیاری کردنی پیشەیەکی دیاری کراو پاشان هونەری شارەزای کەسەکان لە بواری کاردا ، ئەمە لە زۆربەی ئاستەکانی بەرێوبردن .

هەربۆیە دەتوانین بڵێن کەوا کارگێری هەم زانستە و هەم هونەر و هەم پیشەیە ، لە یەك کاتدا چونکە کارگێری پشت دەبەستێت بە یاسا و پرێنسیپ و رێساکان و توێژینەوی زانستی و ... هتد ، بەلاّم ئەمانە بەس نیە بۆ کارگێری بەڵکو پێویستی بە شارەزای و لێهاتووی ئەو کەسانە دەبێت کەوا کە جێبەجێی دەکەن واتا لە بچووکترین فەرمانبەرەو هەتاوەك و کارگێری باڵای رێکخراوەکە( سەروەکەکان و بەرێوبەری گشتی و بەرێوبەری بەش و سەرپەرشتیاران و ... هتد.

کەواتە زانستە و هونەرە لە جێبەجێکردن چونکە پێویستی بە شارەزار ولێهاتووی هەیە وە پیشەشە چونکە پێویستی بە پسپۆری هەیە .

SALAHADDIN UNIVERSITY
ERBIL
1981

7 11 2019





# Thank You !

***THE CONCEPT OF MANAGEMENT***